# دەرهێنانی رۆژنامەوانی

# پێشەکی

- دەرهێنانی رۆژنامەوانی بەیەکێک لە گرنگترین هونەر و ژانرەکانی رۆژنامەوانی تۆمار دەکرێ.
- و لایەنێکی گرنگە لە کاری رۆژنامەوانی وەک رازاندنەوەی بابەتە رۆژنامەوانەییەکان و رێکخستنیان و رێزبەندییان هەژمار دەکرێ بۆ راکێشان و قەناعەت پێکردن وسەرنجراکێشانی خوێنەرە بۆ بابەتەکان .
- واتە دەرهێنانی رۆژنامە بە شێوە کۆتاییەکەی کە لای خوێنەر دەردەچێت.

# پێشەکی

- دەرهێنانی رۆژنامەوانی لەوکاتەوە دەستپێدەکات کاتێک کردار وپرۆسەی نووسیین ( تحرير) کۆتایی پێدێت. بەڵام پەیوەندیەکی تەواوکاری لەنێوانیان هەیە.
- دەرهێنان و پرۆسەی نووسین تەواوکاری یەکترن وپەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، کاریگەری دروستدەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری یەکتر.
- پێویستە شێوەی رۆژنامە رەنگدانەوەی ناوەرۆکەکەی بێت و لەگەل ناوەرۆکی یەکبگرێتەوە.



**ئایا دەرهێنانی باش**
**هانی خوێنەر دەدات**
**بۆ ئەوەی تیکستێك لە**
**ناوەڕۆك بخوێنێتەوە؟**

# پەرەسەندنی دەرهێنانی رۆژنامەوانی

- پەرتووکی هەوال: (NEWS BOOKS). یەك ستوون
- رۆژنامەی نیوەیی: تابلۆید ( ٢٧-٤١ سم) و(٤١-٤٣سم). زیاتر لە دوو ستوون.
- رۆژنامەی ئاسایی( ستاندەرد): (٤١-٤٣ و ٥٣-٥٦ سم) و زیاتر لە شەش ستوون.

# پێشکەوتنی دەرهێنانی رۆژنامەوانی

- شۆرشی پیشەسازی وبڵاوبوونەوەی دیموکراسی و خوێندەواری لە وڵاتانی ئورۆپا لەسەدەی هەژدەمین. رۆژنامەی کردە ئامرازێکی جەماوەری بۆ ئاراستەکردنی خەڵك.
- فراوانبوونی تواناکانی رۆژنامە لەبەر ئەنجامی زیادبوونی داهات وزیادبوونی بایەخدان بەرۆژنامە وەك ناوەندێکی رێکلامکردن لەنێوان بەرهەمهێن و بەکاربەر.
- سەرهەڵدانی کێبرکێ لەنێوان رۆژنامەکان، ئەمەش بۆیە هۆی بەکارهێنانی بەچەندین شێواز بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر.

# پێشکەوتنی دەرهێنانی رۆژنامەوانی

- پێشکەوتنی گەورەی تەکنولۆژیا وپەرەسەندنی زانستی پەیوەندیکردن و راگەیاندن لە وێنەی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان.
- پێشکەوتنی گەورە لە ئامێر و ئامرازەکانی چاپکردن وپێیت و کاغەز و کەمبوونەوەی تێچووی دەرچوونی رۆژنامە لە کاغەز و چاپکردندا.

ئەو هۆکارانە چی بوون وای لەرۆژنامەی نوێ کرد شۆرشێکی گەورە بەرپابکەن بۆ بەرەوپێشچوونی دەرهێنانی رۆژنامەوانی؟



# چەمکی دەرهێنانی رۆژنامە:

- هونەری دەرهێنانی رۆژنامە بەیەکێك لە پایە گرنگەکانی بواری رۆژنامەوانی هەژماردەکرێت و بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، ئەم هونەرە لەهەموو جیهاندا لەپاڵ بەرەو پێشچوونی بزاڤی رۆژنامەوانیدا، پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە.
- **دەرهێنان کۆکەرەوەی هونەر و زانستە، هونەرە لێهاتوویی و کارامەیی تێدا بەکاردەهێنرێت. و زانستە لەبەر ئەوەی لەسەر کۆمەڵێك بیردۆز و تیۆر و ئاراستەی زانستی کار دەکات.**
- چونکە گرنگترین ئەرکی ئەم هونەرە بریتیە لە **ئاسانکردن لە رونی گەیاندنی پەیام بۆ خوێنەر و دیاریکردنی جوانترین رەنگ و جۆری فۆنت بە خوێنەر. ".**

## چەمکی دەرهێنانی ڕۆژنامە:

- **زاراوەی دەرهێنـان** لـەوەوە هـاتووە بـە مانـای دەرهێنـانی شـتێك و نیشاندان و زەقکردنی بۆ بوون بـەهۆی جۆراوجۆری لـە نیشاندان، هـەروەك "دەرهێنـانی تابلۆیـەك بـە دەرهـاتوویی، یـان هەنـدێکی نووسی و هەندێکی دیکەی بەجێهێشت و دەرهێنانی کارێك وایلێکرد ڕەنگداربێت".
- بەگشـتی کردارێکـی هێلکـاری هونەرییـە بـۆ نەخشـاندنی یـان دەرهێنـانی لاپـەرەی بڵاوکراوەکـان. یـان لـە دابەشـکردنی ڕەگەزەکانی تایپۆگرافیا (فۆنت، وێنە، سەردێڕ، ڕەنگ، نوسین). بەشێوەیەکی هونـەری لەسـەر لاپەرەیـەکی قـەبارە دیـاریکراو بـە شێوازێك کـە هـەر یـەك لـەو ڕەگەزانـە ئـەرکی خـۆی ببینێـت و خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

# پێناسەی دەرهێنانی رۆژنامەوانی

بریتییە لە پرۆسەی هونەری لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە کردار و پرۆسەی نوسیین( التحرير) کۆتایی پێدێت.

# پێناسەی دەرهێنانی رۆژنامەوانی

بریتیە لە پرۆسەی پلاندانان بۆ لاپەڕەکانی رۆژنامە، دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو هێڵی سەردێر لەسەر لاپەڕەکان، ئەوەش لەسەر بنەمای هونەری و دەروونی بە رەچاوکردنی حەزی خوێنەر و سروشتی بینینی و ئاوەزیان کە لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە لە ئامادەکردنی بابەت و دەرهێنانیان بەیەکەوە بگونجێت".

# پێناسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی

وبریتییە لە(ڕێکخستن و دابەشکردنی سەرجەم بابەت و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی تایبۆگرافیای هەر ڕۆژنامەیەکە بەشێوەیەکی وا کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و کاری تێبکات و کەسایەتیەکی دیار بۆ ڕۆژنامەکە بونیاتبنێت و ڕوخسارێکی جوانیش بە ڕۆژنامەکە ببەخشێت).

# ئامانجی دەرهێنانی رۆژنامە:

**یەکەم**

راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی رۆژنامەکە، یاخود بۆ هەڵبژاردنی رۆژنامەیەکی دیاریکراو لەنێوان رۆژنامەکانی دیکەدا . ئەمەش تاکو خوێنەر بە ئاسانی و لە کورترین کاتدا لە بابەتە رۆژنامەوانییەکان تێیبگات.

**دووەم**

وروژاندنی بایەخی خوێنەر، تاکو بابەتەکانی بخوێنێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئاسانکاری پرۆسەی خوێندنەوەوە دەستەبەر دەبێت، ئەگەر ئەم هونەری ئاسانکارییە رەچاونەکرێت، ئەوا خوێنەر نایخوێنێتەوە و پشتگوێیدەخات.

# ئامانجی دەرهێنانی رۆژنامە:

**سێیەم**

وروژاندنی ئارەزووی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی بابەت یاخود هەواڵێکی دیاریکراو لەرێگەی زەقکردنەوە و پێدانی بایەخێکی پتر لەوانی دیکە .

**چوارەم**

نیشاندانی هەواڵەکان بەپێی بایەخیان، خوێنەر وا هەست دەکات کە بابەتە گرنگەکان زیاتر لەوانی دیکە زەق دەکرێتەوە، ئەمەش بەپێی پانتایی و جیگەی سەرەکی و وێنەو یەکە تایپۆگرافیەکان لەسەر لاپەڕەکە.

# ئامانجی دەرهێنانی رۆژنامە:

**پێنجەم**

بەدەستهێنانی هەمەجۆری و دیمەنی جوانکاری و سەرنجڕاکێش بۆ رۆژنامەکە و دەبازبوون لە توخمی بێزار و وشکی، لەرێگەی رەچاوکردنی بەهای هونەری و جوانکارییەوە.

**شەشەم**

پێدانی ناسنامەیەکی دیار بۆ رۆژنامەکە جیاواز لەرۆژنامەکانی دیکە، ئەمەش بەپێی ئەو رێنمایانەی کە سەبارەت بە چۆنیەتی نەخشاندنی رووپەری لاپەڕەکانی رۆژنامەکە لەسەری رێکدەکەون، فەراهەم دەبێت.

# مەبەستەكانی دەرهێنانی رۆژنامە:

١

وا لەخوێنەر دەكات لەكەمترین ماوەدا بابەتەكە تێبگات.

٢

نیشاندان و رێكخستنی بابەتەكان بەپێی گرنگییەكانیان، خوێنەر وا هەستدەكات كە بابەتە گرنگەكان گەورەدەكرێن، جا لە شوێنی دانانەكەی بێت لە رۆژنامەدا یان بەپێی یەكە تۆپۆگرافییە بەكارهاتووەكان بێت.

٣

كاركردنە بۆ ئەوەی لاپەڕەكان سەرنجڕاكێش بن، بینینی چاو ئاسودە بكات و مێشك رازی بكات بەوەی لەناویدایە لە جۆراوجۆریەتی و رەنگاورەنگی.

# مەبەستەکانی دەرهێنانی ڕۆژنامە:

٤ پێدانی پێناسێکی تایبەت بە ڕۆژنامەکە تاکو لە ڕۆژنامەکانی دیکە جیابکرێتەوە.

٥ تێکەڵیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە دروستدەکات کە ببێتە مایەی جوانکاری.

٦ گرێبەستێکی یەکترناسین لەنێوان ڕۆژنامە و خوێنەرەکەیدا دروستدەکات، بەجۆرێك کە بتوانێت لەوانی دیکەی جیابکاتەوە، حەزیشی بۆ خوێندنەوە زیادبکات.

٧ وا لەخوێنەر بکات کە بابەتێك یان ڕۆژنامەکە بەتەواوەتی بیخوێنێتەوە و بەردەوامبێت لەسەری.

# دەرهێنەری ڕۆژنامە

- دەرهێنەری ڕۆژنامە " ئەو کەسەیە کە بەرپرسە لە پرۆسەی دەرهێنانی ڕۆژنامەکە، هەر ئەویش نەخشەسازییەکی دیاریکراو لە هەموو توخمە تایپۆگرافیەکان هەڵدەبژێرێت و بۆ دیاریکردنی ژێرخانی بنەڕەتی ڕۆژنامەکە بەکاریدەهێنێت، هەروەها بەشداره لە دانانی پەیکەری گشتی بۆ هەموو لاپەڕەکان و دانی کەسایەتیەکی جێگیر و دیار بۆ ڕۆژنامەکە، کە جیاواز بێت ڕۆژنامەکانی دیکە".
- پێویستە دەرهێنەر هەموو ئەوانە بزانێت کە پەیوەندیان بە نەخشەسازییەوە (توخمە تایپۆگرافیەکان) و تایبەتمەندییەکانیان هەیە. بەجۆرێك بەمەبەست ڕێکخستن بۆ توخمەکان بکات تاکو شێوەیەکی دەرهێنانی سەرنجڕاکێش بەرهەمبهێنێت.

# خەسڵەتی دەرهێنەری رۆژنامە

- کۆمەڵێك **خەسڵەت** لە دەرهێنەری رۆژنامەدا هەبێت کە بریتیین لە:
- دەبێت دەرهێنەری رۆژنامە خاوەن هێزێکی تێبینیکەری پەلە بێت لە خەملاندنی بەهای بابەتەکانی رۆژنامەکە و دانانی لەجێی گونجاوی خۆی.
- خاوەن هەستێکی بەهێز بێت بۆ راستکردنەوەو خەملاندنی و بایەخی هەواڵەکان و پاشان دیاریکردنی شوێنەکەی لە رۆژنامەکە.

# خەسڵەتی دەرهێنەری رۆژنامە

- شارەزاییەكی بەرفراوانی هەبێت لە  هەریەك لە كاركردن لەسەر تەكنیكی كۆمپیوتەر و لە دەرهێنانی رۆژنامەوانی لە ئامادەكردنی نووسین، پێداچوونەوە، كۆكردنەوە، هەڵكەندن، چاپكردن و تەكنیكی كۆمپیوتەر.
- خاوەنی ئەزموون و پێشینە باش بێت سەبارەت بە حەزو ئارەزوی خوێنەرو ئەو ئامرازانەی كە كاریگەری دەروونی هەیە لەسەریان.
- پێویستە  مافی هەموو شتێك بدات، بە واتای "هەقی بابەتەكە بدات، بۆ نموونە مافی وێنەكان بدات لە پانتایی، هەروەها مافی ناونیشان بدات لەڕووی پانتایی و زەقكردنەوەی".

# خەسڵەتەکانی دەرهێنان و نەخشەسازی لە لاپەڕەکاندا

- سەرکەوتنی چاپەمەنییەکان پەیوەستە بە چوار رەگەزەوە :
- **ناوەڕۆك:** مەبەست لەو بابەتەیە کە چاپەمەنیە لەخۆدەگرێت، ئەو بابەتانەی کە چاپەمەنییەکان لەخۆدەگرێت، پلەی یەکەم لە رووی بایەخیەوە داگیردەکەن، لێرەوەش دەبێت رەچاوی بێوەیی و وردی لەنووسینی بابەتێکی چاپکراودا بکرێت و پێویستە بە زمانی پاراوو رەوان بنووسرێت.
- **رواڵەت:** سروشتی راستەوخۆ لە شێوەی چاپەمەنییەکان لەیەکەم ساتدا لەلایەن جەماوەرەوە بەدیدەکرێت.
- **مرۆڤەکان:** رەگەزێکی بنەڕەتی و سەرەکییە و پەیوەندی راستەوخۆی لە بەرەوپێشچوونی چاپەمەنییەکاندا هەیە.

# خەسڵەتەکانی دەرهێنان و نەخشەسازی لە لاپەڕەکاندا

- **دابەشکردن:**چاپەمەنییەکان لەسەر رۆشنای زانینی جەماوەر دابەشدەبێت، کە ئارەزووی بەرەوبە-پیرییەوە-چوونییەوە هەیە.
- خوێنەر ئارەزووی ئەو جۆرە بابەتانەیە، لەکاتێکدا کە لاپەڕەکانی رۆژنامەکە ئەمدیو و ئەودیو دەکات، تووشی بێزارییەك دەبێت یان بێزارییەك بۆ دەوروبەرەکەی دروستدەکات تاکو وتارێك بدۆزێتەوە و بیخوێنێتەوە.
- لەو حاڵەتانەدا ئەوەی گرنگە ئەنجامییدات تەنها رۆژنامەکە وەربگێڕێتە سەر لاپەڕەی کۆتایی کە پڕاوپڕە لەهەواڵ و گۆشەو وێنەی جوان بە چەشنێك خوێنەر تیایدا هەست بەئارامی دەکات.

# لاپەڕەی یەکەم

- لاپەڕەی یەکەم یەکێکە لەگرنگترین لاپەڕەکان کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، زۆربەی جار هەردوو رەگەزی بابەتی نووسین و ریکلام لەو لاپەڕەیەدا بوونیان هەیە، ئاشکرایە کە ریکلام بە شادەماری داهاتی رۆژنامەکە هەژماردەکرێت، هەر بۆیە رۆژنامەکان لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکاندا هونەرکاری جوان و کەموێنە ئەنجامدەدەن، بۆئەوەی سەرنجی خاوەن ریکلامەکان بۆ رۆژنامەکە رابکێشن. هەروەها زۆرێك لە رۆژنامەکانی ئەمڕۆ هەڵدەستن بە بەرهەمهێنانی ریکلام و ئامادەکردن و نەخشەسازی و بڵاوکردنەوەیان .

# لاپەڕەی یەکەم

- لەبەر گرنگی ئەو لاپەڕەیە، دەرهێنەری ڕۆژنامەوانی بۆ گوزارشتکردن لە زمانی شێوە لە لاپەڕەکەدا پشت بە بەکارهێنانی ڕەگەزی تایپۆگرافیای دەبەستن، کە ناوەڕۆکەکەی بە بینینی دیاریکراو دەگوازێتەوە، بەپێی بایەخی ڕێژەیی بۆ بابەتەکان بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش ڕەچاوی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ئەرك و جوانیدا دەکرێت. لەو کاتەدا لە دەروونی خوێنەردا ئارامی و ئارەزووی بەردەوامبوونی لەخوێندنەوەدا دەرسکێت.

- لاپەڕەی کۆتایی لە لاپەڕە گرنگەکانە و لەمڕووەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ لاپەڕەی یەکەمدا نییە، لەکاتێکدا کۆتاییەکەی رووی دووەمە، بۆ رێکخستنی و پەیوەستبوون بۆ گرنگترین بابەتە بڵاوکراوەکانی رۆژنامە .
- بایەخی ئەو هەواڵ و بابەتانە رێژەیی دەکرێت، راکێشانی خوێنەر بۆ بابەتێك لەڕێگەی زەقکردنەوەی بابەتێك لە رووی دەرهێنانی رۆژنامەوانەیەوە، کە کۆمەڵێك رەگەزی تایپۆگرافی وەك قەبارەکانی خەت و ناونیشان و ئەو وینەیەی کە لەگەڵ بابەتەکەدا دادەنرێت، کە بابەیەخێك دەداتە بابەتەکە لەلایەك، هەروەها زیادکردنی خوێنەری رۆژنامەکە لەلایەکی دیکەوە .

# پەیوەندی نێوان دەرهێنان و نووسیندا:

- بەهێزبوونی ئەو پەیوەندییە نەخشەسازییە لەنێوان دەرهێنان و نووسیندایە، دەرهێنانی رۆژنامەوانی رەگەزێکی سەرەکییە لە سەرکەوتنی پرۆسەی نووسین، یان بەپێچەوانەوە نووسینەکە لاوازدەکات. یان یارمەتی سەرکەوتنی دەدات.
- ناوەڕۆکی باش بۆ بابەتە نووسراوەکان بە یەکێك لە رەگەزە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی رۆژنامە و بڵاوبوونەوەی دادەنرێت، بە پەیوەستبوونی بە جەماوەرەکەی، چونکە رۆژنامە ناتوانێت جەماوەرەکەی تەنها بەشێوە بپارێزێت، بەڵکو بەوردی و بابەتی زانیاری و هەواڵ و بابەتە نووسراوەکان کە پێشکەشیدەکات، دەپارێزێت.

- هەڵبژاردنی هەواڵ بۆ بڵاوکردنەوەو رێگەی دارشتنی لەلایەك و دەرخستنی لەبواری هونەرییدا لەلایەکی دیکەوە، وەرگێڕانێکی راستەقینەیە بۆ ئاراستەکانی سیاسەتی نووسین.

# تایپۆگرافیەکان:

- تایپۆگرافیەکان: **بریتیە لە هونەری ڕێکخستن و تەنسیقکردنی نوسراوەکانی نێو نەخشەسازی و دیزاینەکە لە بچووکردنەوە و گەورەکردنی قەبارەی پیتەکان یا گۆڕینی مەودای نێوان پیتەکان و دێرەکان. مەبەست لیی گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراوە لە پرۆسەی دیزاینکردندا جا نوسراو بێ یا نەخشکراو بێت بەدەست یا ئامێری کۆمپیوتەر بێت.**
- تایپۆگرافیەکان: **بەزمانی** ئینگلیزی **(typography) وبەزمانی فەرەنسی**(typographie) پێدەوترێ. **لە دوو وشە پێکهاتووە لە(** typo) **تایپ( واتە نووسینی چاپکردن)+** گرافیك( **واتە وێنە یا نەقش ونەخشە)= نووسینی پیتی چاپەمەنی.**

# بنەما تایپۆگرافیانەی دەرهێنانی رۆژنامەوانی:

- بەشێوەیەکی گشتی دەرهێنانی رۆژنامەوانی سێ بنەمای تایبوگرافی هەیە ئەوانیش بریتین لە:
- یەکەم: تایپۆگرافیای پیتی "ناوەرۆك" یا "نووسین" یا "دەق" :
- دووەم: تایپۆگرافیای پیتی  سەردێر و ناویشانەکان.
- سێیەم: تایپۆگرافیای وێنە

## A: تایپۆگرافیای پیتی "ناوەرۆك" یا "نووسین" یا "دەق" :

- پیتی ناوەڕۆك ئەو پیتانەن کە جەستەو لەشی هەواڵ یاخود بابەتی رۆژنامەوانی لێ پێکدێت. لەکاتێکدا کە پیتی ناوەڕۆك فاکتەرێکی سەرەکیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن.
- پیتی ناوەڕۆك ئامرازێکی سەرەکییە لە پرۆسەی پەیوەندی و کۆمنیکەیشن لەنێو رەگەزەکانی تایپۆگرافیاکانی دیکە بەشدارە لە بونیادنانی تایپۆگرافیای چاپکراو (رۆژنامە/ گۆڤار/ بڵاوکراوە)،

# A: تایپۆگرافیای پیتی "ناوەڕۆك" یا "نووسین" یا "دەق" :

- ئەو کەسەی کە تەنها ناونیشانەکان دەخوێنێتەوەو تەماشاکاری وێنەکانە ئەوا ناتوانێت سەبارەت بابەتێك بە تەواوی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنانەی لا دروستبێت، چونکە ناونیشان لەچەند وشەیەك زیاتر تێناپەڕێت و ناتوانێت هەموو وردەکارییەکان بگوازێتەوە بۆ خوێنەر و هەروەها ئەو پەیامەی کە وێنەیەکی رۆژنامەوانی هەڵیدەگرێت. هەر جۆرێکیان بێت، ئەگەر رونکردنەوەیەکی لەگەڵدا نەبێت خوێنەر بە نیوەچڵی یان بەهەڵە لێی تێیدەگات.

# ئەو گۆڕاوانەی کۆنترۆڵی ئاسان خوێندنەوە دەکەن لە پیتەکانی ناو(دەق) ناوەڕۆك بریتین لە:

- یەکەم: شێوەی پیت.
- دووەم: قەبارەی پیت.
- سێیەم: چڕی پیت.
- چوارەم: فراوانی دێڕ "درێژی دێڕ"
- پێنجەم:  درێژی یان فراوانی نێوان دیرەکانی نووسینەکە.
- شەشەم: سپێتی لەنێوان پیتەکانی بابەتەکە

## یەکەم: شێوەی پیت:

مەبەستمان شێوەی پیتە ئەو شێوەیەیە کە لەسەر کاغەز لەدوای چاپکردنی دەردەچێت، شێوەی پیت بەگرنگترین فاکتەرەکانی تایپۆگرافیایە دادەنرێ کە کار لەسەر ئاسان یان گران خوێندنەوەی دەق دەکات.

**١- تایبەتمەندییەکانی شێوەی پیتەکان و کاریگەری لەسەر ئاسان خوێیندنەوەی خوێنەر:**

- دەبی پیتەکان لە رووی نەخشەسازیەوە سادە وساکار بن.
- دەبێ پیتەکە بە سروشتی دەرکەون، ئەوە نەبێت کە وا لە خوێنەر بکات سەرنجی تەنیا بۆ شێوەکە راکێشێت.
- دەبێ خوێنەر وایان ببینێ کە تەنیا پیتێکە بە پیتێکی دیکەوە لکاوە و وشەو دەستەواژە و رستەیان پێکهێناوە.
- یارمەتی ئەوە بدات کەخوێنەر بتوانێت لە خوێندنەوەی بۆ درێژترین کات بەبێ ماندوبوونی چاوەکانی بەردەوامبێت.

# شێوەی پیتەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسان خوێندنەوە

**فۆنتی (Unikurd_ Goran)**
**بە قیاسی (١٢)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd_ Xani)**
**بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (UniQAIDAR_Free 005)**
**بە قیاسی (١٤)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd Sirwan)**
**بە قیاسی (١٤)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

---

**فۆنتی (UniQAIDAR_Soz 013)**
**بە قیاسی (١٢)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd _Qandil)**
**بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (UniQAIDAR_AKHBARI)**
**بە قیاسی (١٤)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd_ Tishk)**
**بە قیاسی (١٤)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

## دووەم - پەیوەندی پیتی ناوەڕۆك(دەق) بە باکگراوند:

ڕەنگی ئەو باکگراوندەی کە پیتەکانی دەقێکی لەسەر چاپدەکرێت ڕۆڵێکی هەرە گرنگ و دیاری هەیە لە روونی یان ناڕوونی پیتەکانی ناوەڕۆك( ناو دەق) ، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسان یاخود گران خوێندنەوەی دەبێت.

- چاپکردنی پیتی ناوەڕۆك لەسەر باکگراوندنێکی کاڵ " شێوە تۆڕ."
- چاپکردنی پیتی ناوەڕۆك لەسەر باکگراوندێکی گریزی، وا دەکات کە کەمتر بەدەرکەوێت کە تێکەڵیەك لەنێوان هێڵی پێکهاتووی باکگراوند لەگەڵ هێڵ و چەماوەی پیتە چاپکراوەکان، کە چاوی خوێنەر پەرتوبڵاو دەکات و ماندویدەکات لەکاتی خوێندنەوەدا.
- چاپکردنی پیتی ناوەڕۆك لەسەر باکگراوندنێکی لێکنەچوو.
- هەڵکەندنی یا بەتاڵکردنی  پیتی ناوەڕۆك لە باکگراوندێکی تاریك.
- هەڵکەندنی یا بەتاڵکردنی پیتی ناوەڕۆك لە باکگراوندێکی کاڵ (تۆڕ).
- هەڵکەندنی یا بەتاڵکردنی پیتی ناوەڕۆك لە باکگراوندێکی لێکنەچوو.

# پەیوەندی نووسین بە باکگراوەندەوە و کاریگەرییان لەسەر ئاسان خوێندنەوە

فۆنتی (Unikurd_ Goran) بە قیاسی (١٢)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani) بە قیاسی (١٣)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (UniQAIDAR_Free 005) بە قیاسی (١٤)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd Sirwan) بە قیاسی (١٤)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

---

فۆنتی (UniQAIDAR_Soz 013) بە قیاسی (١٢)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd _Qandil) بە قیاسی (١٣)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (UniQAIDAR_AKHBARI) بە قیاسی (١٤)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Tishk) بە قیاسی (١٤)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

## سییەم: قەبارەی پیت

قەبارەی پیت بە بۆینت ئەندازە دەکرێت، ئەندازەکە لەبەرزترین بەشی کۆیە بەرزەکان بۆ نزمترین کۆیە نزمەکان، لەگەڵ ئەو بەشەی کە سپین "بۆشاییی"ن لە دەوروبەری پیتن لە چوارلاوە لەکاتی نەخشەسازی.

قەبارەی بەنتی ١٠ بۆ هەموو پیتەکانی ناوەڕۆك لە رۆژنامەدا نمونەییە، بەنتی ١١ و ١٢ دوو قەبارەی نمونەیین بۆ هەموو پیتەکانی ناوەڕۆك لە گۆڤار، چونکە ئەو پیتانەی خاسیەتێکی ئەندازەیی پیتی ناوەڕۆکن، ئەو قەبارانە قەبارەی پێوەری باوی بەکارهێنانن، بەڵام رەنگە بەپێی جۆری خەتی بەکارهاتوو لە سەرجەم پیتی ناوەڕۆکدا زیاد یاخود کەمبکات.

# گەورەیی پیتەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسان خوێندنەوە

**فۆنتی (Unikurd_ Xani) بە قیاسی (١٣)** (✓)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (UniQAIDAR_Free 005) بە قیاسی (١٤)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd Midya) بە قیاسی (١٥)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd Sirwan) بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

## چوارەم: چڕی پیت

زۆرجار دوو پلەی چڕی لە پیتی ناوەڕۆك و نووسینی عەرەبیدا هەیە ئەویش: رەشوسپین و هەندێ جۆری خەتیش هەیە کە خەتەکانی پلەیەکی تێدایە لەنێوان رەش و سپیدا.

هۆکاری ئەو ناونانە دەگەڕێتەوە بۆ (رەش و سپی) بۆ جیاوازی چڕی رەنگی پیت لەدوای چاپکردنی، رەنگی پیتی رەش لەسەر کاغەز زیاتر رەش دەنوێنێت لە رەنگی سپی، کە هەمان قەبارەن، چونکە پیتی رەش بەسروشتی حاڵی ئەستوورتر دیارە لە پیتی سپی.

زۆرجار پیتی (سپی) چەنسێکی بەردەستە بۆ بەکارهێنانی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان، چونکە پیتی (رەش) ئاسان-خوێندنەوە بەدەستناهێنێ (readability)لەگەڵ ئەوەی توانای زۆرترە لە بەنتی سپی لە سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، ئەوەش بەهۆی چڕی بەرزی پیتی (رەش) کە ماندوبوونێك بۆ چاو دروستدەکات ئەگەر بە ژمارەیەکی گەورە لە ناوەڕۆکدا بەکاربهێنرێت.

# نزیکی پیتەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسان خوێندنەوە

**فۆنتی (Unikurd_ Xani) بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd_ Xani) بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd_ Xani) بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

**فۆنتی (Unikurd_ Xani) بە قیاسی (١٣)**

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

## پێنجەم: فراوانی دێڕ "درێژی دێڕ"

فراوانی دێر بە فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێت لە بەدەستهێنانی ئاسان-خوێندنەوە (readability) و پشووی چاو، پانی نمونەیی باو لەو رۆژنامانەی کە هەشت ستوونیان هەیە دەبێت (٤,٥سم) بێت. ئەو پانیە کەمترین پانیە بۆ درێر کە ئاسان-خوێندنەوە بەدەستدەهێنێت لەگەڵ قەبارەی پیتی ١٠ بەنت.

هەمیشە پەیوەندیی وەکیەك رەچاو دەکرێت نێوان پانتایی دێرو قەبارەی بەنتی بەکارهاتوو، لەگەڵ زیادبوونی پانی دێر، ئەوا قەبارەی بەنتیش زیاددەکات، بەپێچەوانەوەشەوە.

# درێژی دێڕەکان و ستونەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسان خوێندنەوە

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣)

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

---

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣)

## شەشەم: سپێتی لەنێوان پیتەکانی بابەتەکە

سپیایەتی لەنێوان وشەکان دەگرێتەوە، لەنێوان دێرەکان، لەنێوان پەرەگرافەکان و لەنێوان ناونیشانە لاوەکیەکان، هەروەها سپیایەتی لەنێوان ستوونەکان. سپیایەتی بە یەکێك لە رەگەزە هەرە گرنگەکان دادەنرێت کە رۆڵێکی بنەڕەتی لە ئاسان-خوێندنەوەی ئەرێنی یاخود نەرێنی دەبینێت.

# شێوەی ستونەکان و نووسینەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاسان خوێندنەوە

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) ✓

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) ✓

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) ✗

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) ✗

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

---

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) شێوازی قوچەکی ✗

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) شێوازی بازنەیی ✗

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

فۆنتی (Unikurd_ Xani)
بە قیاسی (١٣) شێوازی لار ✗

دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی: بریتییە لە پرۆسەی پلان دانان بۆ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، و دابەشکردنی بابەتی ئامادەکراو لە هەواڵ و وتارو وێنەو ڕەسم و هێڵی ناونیشان لەسەر لاپەڕەکان.

# تایپۆگرافیای وێنە

وێنە رەگەزێکی گرنگە لەنێو رەگەزەکانی دەرهێنانی رۆژنامەوانیدا، وێنەی رۆژنامەوانی شانبەشانی پیت دەوەستێت(پیتی ناوەڕۆکی بابەت و ناونیشان)، لە گواستنەوەی پەیامی راگەیاندن بەهۆی لاپەڕەکانی رۆژنامەیەکەوە بۆ خوێنەر، ئەگەر پیتەکان گرنگی خۆیان هەبێت لەوەی کە هەڵگری پەیامێکی راگەیاندکارین، بەهەمانشێوە وێنەش بەشدارە بە چالاکی لە گەیاندنی ئەو پەیامە لەگەڵ ناوەڕۆک و ناونیشان بەباشترین رێگە، بێگومان ئەگەر بەباشی بەکارهێنرا.

# تایپۆگرافیای وێنە

لەگەڵ ئەو رۆڵە کێبڕکێیەی رۆژنامەوان لە گواستنەوەی روداوەکان و هەواڵە نوێیەکان لە تەلەفزیۆندا دەیبینێت، وێنەگرتنی فۆتۆگرافیش وەك بەهایەکی کەموێنە دەمێنێتەوە، چونکە توانایەکی لە بەستن و تۆمارکردنی ئەو چرکە ساتە دیاریکراوەی روداوەکاندا هەیە، ئەو ئەرکە بە تەواوی هاودژە لەگەڵ جوڵەی وێنەی تەلەفزیۆنیدا.

وێنەکان رەگەزێکی زیندو دینامیکین لە رۆژنامەکان و بەیەکێك لە رەگەزە تەواوکارییەکانی ناوەڕۆك و بابەت دادەنرێت، هەرگیزو لەهەر بارێکدا بێت جێگرەوەیان نییە. پێگەی وێنە لەژیانی هاوچەرخی ئەمڕۆدا زیادیکردووە، بووەتە بنەمایەکی گرنگ و بنەڕەتی لە گواستنەوەی زانین و کاتبەسەربردن و راگەیاندن، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و چۆنیەتی پەیپێبردن و رێگەی ئەرکپێدانی .

## یەکەم: ئەرکەکانی وێنە

دەتوانین ئەرکەکانی وێنەی جیاواز لەچوار ئەرکی بنەڕەتیدا کۆبکەینەوە:

**١- ئەرکی بینین:** وێنە باشترین ئامرازە بۆ سەرنجڕاکێشانی چاوی خوێنەر بۆ رۆژنامەکە، دەتوانێت گرنگترین چرکەی روداو تۆماربکات، خوێنەر بەهۆیەوە دەتوانێت لە وردەکاری روودانی روداوێك تێبگات.

**٢- ئەرکی تایپۆگرافی :**لە رۆژنامەگەری نوێدا وێنە بەیەکێك لە رەگەزە تایپۆگرافی و گرافیکی دادەنرێت و بەشدارە لەگەڵ پیتی بابەت و ناونیشان و سپیایەتی لەبونیادی جەستەو کەرەستەی رۆژنامەکەدا. جگەلەوەش، رۆڵێکی گرنگ بۆ دەرخستنی جوڵەو زیندویەتی لاپەڕەکە دەبینێت، هەروەها بەهۆیەوە شکاندنی ئەو رەنگە خۆڵەمێشییەی دێرەکان و بابەتە کەڵەکەبووەکان دروستیانکردووە.

# یەکەم: ئەرکەکانی وێنە

**٣- ئەرکی پەیوەندیکردن :**وێنە ئەرکێکی هەواڵی دەگێڕێت کە لە رۆژنامەی نوێدا کێبڕکێی وشەی پێدەکات، ئەگەرچی وشە کاریگەریشی هەبێت، بەڵام وێنە بە تواناترە لەسەر پێکەوەگرێدانی ناوەڕۆك لەگەڵ ژیاندا .

گرنگی وێنەی رۆژنامەوانی بەوە دەردەکەوێت کە تەماشای جۆرەکانی بکەین، گوزارشتی وێنەی تایپۆگرافیا لەسەر بەتەنها فۆتۆگرافی ناوەستێت، بەڵکو درێژتر دەبێتەوە تاکو هێڵکاریە دەستیە جۆراوجۆرەکانیش دەگرێتەوە، وەك نەخشەو رەسمی بەیانی و وێنەی گوزارشتی و کاریکاتێری .

# یەکەم: ئەرکەکانی وێنە

4- ئەرکی جوانکاری
5- ئەرکی فێرکردن
6-ئەرکی سۆسیولۆجی
7- ئەرکی قەناعەت پێکردن
8- ئەرکی ئەرشیفکردن و دیکۆمێنتکردن

## دووەم: جۆرەکانی وێنەی رۆژنامە:

زیاتر لەجۆرێك وێنەی رۆژنامەوانی هەیە، کە لە رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنییەکانی دیکەدا بەکاردێت، دەتوانرێت لە دوو گۆشەوە تەماشابکرێت:

گۆشەی شێوەی هونەری (Form) و گۆشەی ناوەڕۆك یان هێما (content) یا نەخشەسازییەوە.

وێنەی لە رووی شێوەی هونەری (Form) بۆ ئەم جۆرانە جیادەبێتەوە:

١- **وێنەی تاكي (مفردە)** :دەكرێت وێنەیەكی كەسی (پۆرترێت) بێت، یان وێنەی شوێنێك یان كاروانێك، گرنگ ئەوەیە یەك وێنەی تەنهایە و بەبێ شتی دیكە بڵاودەكرێتەوە و ئەركەكەی بەجێدەگەیەنێت.

٢- **زنجیرە وێنە :**زنجیرەیەك وێنەیە لەگەڵ یەك بابەت، بەجۆرێك زیاتر بێت لەیەك راوبۆچون، كە لە ماوەیەكی كاتی دورودرێژ گیراوە.

٣- **وێنەی دیمەنی یەك لەدوای یەك** :دیمەنێكە یان كۆمەڵە گرتەیەكە بۆ یەك بابەت لە دیدی راوبۆچوونێكدا لەماوەیەكی كاتی كورتدا.

زۆرجار وێنە لەشێوەی هێلكەیی یاخود بازنەیی، یان چوارگۆشەیی دادەنرێن، بەڵام شێوەی پەسند و باشترین لاكێشەیە، چونكە پانییەكەی بەهایەكی جەخت-لەسەركراوەو دەرخستنە و خەسڵەتی سەرنجڕاكێشان بە وێنەكە دەبەخشێت.

## دووەم: جۆرەکانی وێنەی رۆژنامە:

وێنەی لە رووی هێماوە بۆ ئەم جۆرانە جیادەبێتەوە:

١- **وێنەی هەواڵی** :ئەو وێنانە هێمان بۆ روداوێك کە لەکات و ساتێکی دیاریکراو بووە، بۆ نمونە سازدانی دیدارێك لەنێوان دوو سەرۆکی وڵات، یان کوژاندنەوەی ئاگرێکی گەورەی کۆگایەك، ئەم جۆرە وێنانە تەواوکاری هەواڵەکە دەداتە خوێنەرو وای لێدەکات کە نەگەڕێت بەدوای راست و دروستی ئەو وردەکاریەی لەو هەواڵەدا هاتووە.

**٢- وێنەی بابەتەکان یان وێنەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی :**وێنەی بابەتێکی دیاریکراوە و لەیەك وێنە زیاترە، گرنگی لەوەدایە کە وردەکارییەکانی بەدەردەخات و بەشدارە لە تەواوکردنی بابەتەکە، پێش ڕودانی کارێك یان لەکاتی ڕودانی یان دوای ڕودانی .

**٣- وێنەی بابەتەکانی هەواڵی کەهەڵگری مۆرکی مرۆڤایەتییە :**ئەو وێنانەن بۆ ئەو بابەتانەی کە مۆرك یاخود ڕەگەزێکی مرۆڤانەی بەسەردا زاڵە و تێیدا گۆشەیەکی هەواڵی سادەی تێدایە، ئەو گۆشەیە سادەو گرنگە، بەڵام لەدوای تێپەڕبوونی کاتێك بەسەر ئەو ڕوداوە مرۆڤانەیە ئیدی بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت.

**٤-  ئەو وێنانەی کە هێمان بۆ کەسایەتیەك کە کرۆکی بابەتەکەن :** پێیدەگوترێت (پۆرترێت) یان وێنەی نیوەیی دیاریکراو کە لەگەڵ قسەکان یان لێدوانێکی یان هەواڵێك لەبارەیەوە یان هێمایەکە بۆ شوێنێکی دیاریکراو، بڵاودەکرێتەوە.

**٥- ئەو وێنانەی کە مۆرکێکی جوانکاری دەدەن :**ئەو وێنانەی کە لەبەر سەرنجڕاکێشانی خوێنەرو لەگەڵ ئەو بابەتە دیاریکراوانە دادەنرێن بۆ شکاندن و لاوازکردنی خۆڵەمێشی نووسینەکەیان زۆرو توندن، ئەمەش بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و دەرخستنی لە دەرهێنانی لاپەڕەکە.

**٦- وێنەی ریکلام :**ئەو وێنانەن کە بەمەبەستی ریکلام یان ناسین بۆ کەلوپەلێ یاخود خزمەتگوزارییەك بەکاردەهێنرێن. لە بواری دەرهێناندا جۆرەکانی وێنە زۆرن کە هەر یەکەیان بۆ مەبەستێك و مانایەکی تایبەت بڵاودەکرێنەوە.

**٧- وێنەی دڕاو :**ئەو وێنەیەش بڵاودەکرێنەوە بۆ دەربڕینی بێزاری لە کەسایەتیەکی دیاریکراو یانیش گوزارشت لە بابەتێکی هەڵوەشاوە بکرێت.

**٨- وێنەی لەرزاوی :**بەئەنقەست دادەنرێت بۆئەوەی هێمایەك بێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو وەك: ئۆتۆمبێل کە لە هەوڵی کێبڕکێیەتی لەگەڵ خێرایی با بۆئەوەی ئەوە نیشانی خوێنەر بدات کە ئەم ئۆتۆمبێلە هێندەی با خێرایە.

**٩- وێنەی بەتاڵ دیکوپ (Decope):** بەکاردێت بە مەبەستی دەرخستنی بەشێك لە وێنەیەك وەکو دەموچاو یاخود هەردوو دەستەکان، زۆرجار بڵاودەکرێنەوە چواردەوریشیان بەتاڵییە.

**١٠- وێنەی هەڵاوگێر :**ئەو وێنانەن کە بڵاودەکرێنەوە لەسەر لاپەڕەکان بە پێچەوانەی حاڵەتی ئاسایی، ئەمەش بەمەبەستی پشتگوێخستن، کە گوزارشت لە راوبۆچوونی رۆژنامەکە دەکات.

**ئەو شوێنانەی کە وێنە تێیدا دادەنرێت لەسەر لاپەڕە:**

لەسەر ناونیشانی بابەت.

لەژێر ناونیشانی بابەت بەمەرجێك ئەوەی کە ناونیشانە دابڕینێك لەگەڵ بابەتەکانی دیکە دروستنەکات.

لەژێر بابەتەکە، لەحاڵەتی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی تایبەت بە بابەتەکە پاشان ئەم حاڵەتە پیادەدەکرێت.

وێنە لەلای بابەتەکەوە دادەنرێت .

**ئەو وتانەی لەگەڵ وێنەکان دادەنرێن:**

پێناسەیەك بۆ وێنەکە دەکرێت، بەهۆی شرۆڤە (کاپشن)یەکەوە کە دەبێت تێبینیبکرێت، چونکە هاوبەشی وێنەکەیەو لێیدانابڕێت، ئەو پیتانەی کە شرۆڤەکەی پێدەنووسرێت دەبێت لەگەڵ ناوەڕۆك یاخود بابەتەکە جودابن، بۆئەوەی تێکەڵیەك دروستنەبێت، دەنا شرۆڤەکە پێناسەو بەهای خۆی لەدەستدەدات.

ئەو شرۆڤەیە پەسندە کە لەژێرەوەی وێنەکە یاخود لە یەکێك لەلایەکانیەوە بێت، بەڵام ناکرێت لەسەروی وێنەکەوە دابنرێت، چونکە دەبێت سەرەتا وێنەکە نیشانی خوێنەر بدرێت، پاشان نووسنی شرۆڤەکە. زۆرجار دەکرێت ئەو بەشەی وێنەکە ببڕێت کە هێندە بەهای هەواڵی نییە، یاخود هونەری نییە، تا ئەو شرۆڤەیەی تێدا بنووسرێت.

**شرۆڤە یاخود قسە باشەکانی سەر وێنە ئەم ئامانجانە بەدەستدەهێنن :**

١. شیکردنەوەی ئەو کردارەی لەوێنەکەدا هەیە .
٢. دیاریکردنی پێناسەی ئەو کەسانەی کە لەوێنەکەدا دەرچوون.
٣. پێدانی زەمینەیەك بۆ ئەوەی رێپیشاندەرێکی وێنەکەیە بۆ خوێنەر.
٤. ئاماژەیەك بۆ وردەکاری گرنگ، کە خوێنەر رەنگە سەرنجی رانەکێشابێت.
٥. ناوهێنانی وێنەگرەکە یان ئەو دەزگایەی، کە وێنەکەی گرتووە.

ئەو نووسینەی کە بۆ وێنەکە دەنووسرێت، پێویستە بە شێوازی کرداری رانەبردوو بنووسرێتەوە و هەندێ وەڵامدانەوەی پرسیاری تێدابێت وەك: کێ؟ و لەکوێ؟ کەی؟ ئەوە بێجگە لە چی؟، هەڵەیە ئەگەر نووسەر ئەوە دووبارە بنووسێتەوە کە لە پێشەکی یاخود ناونیشانەکەدا هاتووە .

دەتوانین واز لە نووسینی وێنە بهێنین ئەگەر ناونیشانەکەی روونکردنەوەی وێنەکەی تێدابوو، لەسەر نووسەری وێنەکەیە کە بێئاگاییانە سەرنجی خوێنەر بۆ بایەخە گرنگەکەی وێنەکە رابکێشێت، بەوپێیەی کە خوێنەر هەست بەوە بکات کە بەبێئەوەی هەستی پێکردبێت تەماشای خاڵە گرنگەکانی وێنەکانی بەرامبەری بکات، رەچاوی دەستەواژەکانی بکات، کە هەمیشە بەپێی توانا کورتە. گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە وێنەیەکەو نووسینەکان تەنها کورتە روونکردنەوەیەکە .

**بنەما رۆژنامەوانی و هونەرییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی وێنەی تەندروست بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەوانی بریتین لە:**

**أ ـ زیندوویی:** وێنەی رۆژنامەوانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لەکاتی کارلێکی خاوەنەکەی لەگەڵ رووداوەکەدا دەچرکێترێت، بەجۆرێك بجوڵێت، چاودێرییبکات، سەرسوڕمان بێت، پرسیاربکات، بە دەستێکی یان بەهەردوو دەستی ئاماژە بکات تاکو مانای مەبەست بگەیەنێت، تاکو کۆتایی دیمەنەکان کە تێیدا جۆرێك لە ژیان نیشانبدات.

**ب ـ خۆڕسك:** ئاماژەیە بۆ گرتەیەکی خۆڕسك ـ لەناکاو ـ کە وێنەگر دەیگرێت و بەبێ ئەو بڕوایەی، کە ئەو کەسانەی دەرچوونە تیایدا، واتە ئەو کەسانەی کە تێیدا دەرچوون تەماشای عەدەسەی کامیرایان نەکردووە .نموونەیەك بۆ خۆڕسك و زیندویی لە وێنەدا.

**ج ـ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بەبابەتەکە:** ئاماژەیە بەو وێنانەی کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیەو ڕەهەندی زیاتری بۆ زیاددەکات. بە دەربڕینێکی دیکە ئەو وێنەیەیە کە بیرۆکەی بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکات و خوێنەر هاوشانی بابەتەکە هەست بەگرنگی دەکات.

**د ـ واتا:** ئاماژە بەو وێنانە دەکات کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و سەرسامی لەسەر ڕووکاری دروستدەکات، بەهای ئەم جۆرە وێنەیە ئەوەیە کە توانای کاریگەری و سەرنجڕاکێشانی هەیە.

**ه ـ لایەنی هونەری:** وێنەی ڕۆژنامەوانی شیاو و تەندروست، پێویستە هەندێ مەرجی هونەری و پیشەیی تێدا هەبێت:

*وردی لە نیشانەی تێدابێت، ڕوون بێت، شایەتی چاپکردن بێت.

*ڕووەکەی بریقەداربێت.

**و ـ لایەنی مرۆڤایەتی:** لایەنی مرۆڤایەتی لە وێنەدا بەهاو کاریگەری زیاتردەکات، وا دەکات کە ژمارەیەکی زۆری خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێت، ئەگەر بۆ نمونە روداوێکی هاتوچۆ روویداو بەتەنها وێنەی ئۆتۆمبێلەکە بگیرێت ئەوا بایەخێکی کەم بە خوێنەر دەدات، بەڵام ئەگەر وێنەی ئۆتۆمبێلەکە بە هەڵگەڕاوەیی و گیری خواردووە لە شوێنێکی مەترسیدار کە ئێستا نا ئێستا دەکەوێتە ناو رووبار یاخود دۆڵەکەوە، ئەوا زیاتر جێگەی بایەخ دەبێت، ئەمەش لەبەر هێزی گوزارشتەکەیە بۆ کارەساتەکە.

**چۆری سێیەم: تایپۆگرافیای پیتی سەردێڕ**

پیتی سەردێڕ بە یەکێك لە رەگەزە گرنگ و بنەڕەتیەکانی تایپۆگرافیا، لە دروستکردنی لاپەڕەکانی رۆژنامە/ گۆڤار، بە هەیکەلی گشتیدا دادەنرێت، ناونیشانەکان لە رۆژنامە نوێیەکاندا پێشکەوتنێکی گەورەیان بەخۆیەوە دیوە، ئەمەش ئەنجامی بوونی کۆمەڵێك فاکتەرە هەروەك :

**١- فاکتەری ئەرکی :** ئەم فاکتەرە پەیوەستە بە بەرەوپێشکەوتنی ئەو ئەرکانەی کە کەوتووەتە سەرشانی سەردێڕ وەك یەکێك لە رەگەزەکان.

**ئەرکی ناونیشان لە پرۆسەی دەرهێنانی رۆژنامەوانیدا بریتین لە:**

١. وروژاندنی بایەخی خوێنەر بۆ کڕرینی رۆژنامەکە. ئەمەش زیاتر لە لاپەرەی یەکەم و کۆتایی رەنگدەداتەوە.
٢. وروژاندنی بایەخی خوێنەر بۆخوێندنەوەی زۆرترین بابەت لەبابەتەکانی رۆژنامەکەدا.
٣. راکێشانی سەرنجی خوێنەری بۆ ئەو رۆڵەی کە هەڵگری پوختە پەیامێکە وا لەخوێنەر دەکات ناونیشانەکە بخوێنێتەوە و بەوە بوەستێت وبەهۆیەوە شارەزایی لە گرنگترین رووداوەکانەوە بێت.
٤. ناونیشانەکان شانبەشانی تایپۆگرافیاییەکانی دیکە بەشدارن لەپتەوکردنی پەیوەندی ناساندن وخۆگری لەنێوان خوێنەرو رۆژنامەکەدا بەتاییەت لاپەرەی یەکەم.
٥. بەهێزکردنی هەواڵەکان و پوختکردنەوەیان.
٦. بەشداریکردن لە دروستکردنی تایپۆگرافیای لاپەڕەکان، کە دەبێتە هاوکارێکی باش بۆ خوێنەر لەسەر خوێندنەوەی بابەتەکان.

**٢- فاکتەری چاپەمەنی :**پەیوەستە بە بەرەوپێشچوونی چاپەمەنی رۆژنامەکان لەهەموو وڵاتانی جیهاندا، بەرفراوانکردنی ئەو کاتە لە بەرهەمهێنان تێچوونی زۆربووە، لەگەڵئەوەی ئەوانەی کە لە کۆندا هەستاون بە دەرکردنی رۆژنامەکان، درکیان بەو بایەخە گەورەیەی رۆڵی ناونیشان کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا گێڕاوێتی، نەکردووە.

**٣- فاکتەری دەرهێنان :**پەیوەستە بە بەرەوپێشچوون و دەرهێنانی رۆژنامە/ گۆڤار لەهەموو جیهاندا، رۆژنامەکان لەچەند ساڵەی دوایدا بەرەو شێوازی دەرهێنانی ئاسۆی دەڕۆیشتن، کە دەرفەت بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بە پانی لاپەڕەکە دەدات، بۆئەوەی ئەو بابەتە زۆرترین ستون داگیربکات، ئەمەش وایکرد کە سەردێڕەکان گەورەتربکرێن بە رەچاوکردنی زیادبوونی پانیان و زیادبوونی بایەخپێدانیان.

**٤- فاکتەری گێبرگێیی( ڕێکلامکردن) :**ئەو فاکتەرەیە کە ناتوانین پشتگوێیبخەین و کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچوونی سەردێڕەکان هەیە، پەیوەستە بە بەدەرخستنی رۆژنامە میللیە وروژێنەرەکان، بەتایبەتی رۆژنامەی نیوەیی (تابلۆید)، لە بەریتانیا و ئەمەریکا پشت بە سەردێڕ وەك سیفەتێکی بنەڕەتی لەدەرهێنانی لاپەڕەی یەکەمدا دەبەسترێت، بەو سیفەتەی کە گرنگترین فاکتەرە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دابەشکردن. هاوکات لەگەڵ هاتنی ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن و هی دیکە، لە کێبڕکێدان بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەر.

**جۆرەکانی سەردێر لەرووی ئەرکەوە:**

**١- سەردێڕی سەرەکی و سەردێڕی لاوەکی:**

سەردێڕی سەرەکی ئەوەیە کە بیرۆکە سەرەکیە هەڵدەگرێت و گرنگترینی بابەتەکەیە، هەرچی سەردێڕی لاوەکیە ئەوەیە کە لەدوای سەردێڕی سەرەکی دێت، هەڵگری بیرۆکەی لاوەکیە و لەگرنگیدا کەمترە لە سەردێڕی سەرەکی.

تایپۆگرافیاکان دیارییان کردووە کە باشترین رێژە بۆ بچووکردنی قەبارەی سەردێڕی لاوەکی ئەوە بێ کە نیوەی قەبارەی سەردێڕی سەرەکی بێت، بۆئەوەی گواستنەوەیەکی پلەبەپلە بۆ چاو دروستبکات، ئەگەر قەبارەی ناونیشانی سەرەکی ٩٦ بەنت بێت، ئەوە لاوەکیە و باشتر وایە قەبارەی ٤٨ بەنت بێت، پاشان ٢٤ بەنت، لەدوای ئەویش پێشەکی بابەت ١٢ بەنت بێت، لەکۆتاییشدا ناوەڕۆك یاخود بابەتەکە ١٠ بەنت بێت.

لێرەدا خۆ نەبەستنەوە بە رێژەیەکی دیاریکراو بۆ بچووکردنەوەی سەردێڕی لاوەکی، بەڵکو پێویستە قەبارەی بچووکتر بێت لە سەردێڕی سەرەکی.

# هەولێر... کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ پرسی جینۆسایدی گەلی کوردستان بەڕێوە دەچێت



لەژێر چاودێریی سەرۆک بارزانی و بە پاڵپشتیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان هەرسێ زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، دهۆک و سۆران بە هاوبەشی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان (لە ساڵوەگەڕی جینۆسایدی کوردی فەیلیدا) بەڕێوە دەبەن.

ماڵپەڕی تایبەت بە کۆنفرانسەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە داوە کۆنفرانسەکە لە ڕێککەوتی4/4/2023 کە ڕێکەوتە لەگەڵ یادی شەهیدانی کوردی فەیلی لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا لە هەولێر دەست پێ دەکات و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

## کەرکووک.. هێزە سەپێندراوەکان گەڕەکێکی کورد دەپشکنن و لە چەند شوێنێکی گشتی هێزیان بڵاو کردووەتەوە

هێزە سەپێندراوەکان دەستیان کردووە بە گەڕان و پشکنینی ماڵانیان لە گەڕەکێکی کوردی شاری کەرکوك و هاووڵاتییانی گەڕەکەکەش نیگەرانن. بەپێی زانیارییەکان لە شەوی دووشەممەوە تاکوو بەرەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 11ی 10ی 2022، هێزە سەپێندراوەکانی کەرکووك دەستیان کردووە بە گەڕان و پشکنینی ماڵان لە گەڕەکی کوردستان (فەیلەق)ی شاری کەرکوك و چەند مەفرەزەیەکیشان لەناو گەڕەکەکە داناوە و هێزی سەربازییشیان لە چەند شوێنێکی گشتی بڵاو کردووەتەوە.



# سەرۆکی حکوومەت پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق دەکات

## هەوڵەکانی تێپەڕاندنی بنبەستی سیاسیی و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق تاوتوێ کرا

دوێنێ سێشەممە 11ی ئۆکتۆبەری 2022، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە ئێریک شوڤالیێ باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ئۆلیڤیێ دیکۆتینی کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان ئامادەبوو، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەرەنسا و دوایین گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی دۆخی سیاسیی عێراق و هەوڵەکانی تێپەڕاندنی بنبەستی سیاسیی و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق کرا. گرنگیی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و لەیەکتێگەیشتن، بەشێکی دیکەی گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکە بوو.

## ٢- سەردێڕی بەرایی:

ئەو سەردێڕەیە کە پێش سەردێڕی سەرەکی دەکەوێت ئامادەیدەکات، زۆرجار پێکدێت لە ژمارەیەکی وشەی دیاریکراو، بۆیە دەبێت قەبارەی پیتەکانی بچووکتر بێت لە قەبارەی پیتەکان لە هەردوو سەردێڕی سەرەکی و لاوەکی.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا کۆبووەوە

# بەربەست و کێشەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چارەسەر بکرێن

**دوێنێ، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مارک برایسن، ریچاردسن باڵیۆزی شانشینی یەکگرتوو لە عێراق و شاندێکی یاوەری، دەربارەی دوایین پێشهاتەکان و پرۆسەی سیاسی لە عێراق، هەڵبژاردنی سەرکۆمار و ئەرکدارکردنی سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی فیدراڵی، بیروڕایان گۆڕییەوە.**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، دووپاتی کردەوە کە گرنگە حکومەتی نوێی عێراق کارە لەپێشینەکانی دەستنیشان بکات و خزمەتگوزاری و دەرفەتی کار پێشکەش بکات، دەرفەتیشی هەیە هەندێک لە کێشەکانی وڵات چارەسەر بکات، هەروەها لایەنە عێراقییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی باڵای وڵات دەبێ ستراتیژی بیر بکەنەوە و پێکەوە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گێڕانەوە و پاراستنی سەقامگیری بکەن.

دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو، تیایدا جەخت لە گرنگیی پاراستنی تەبایی و یەکڕیزیی نێوان لایەن و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کرایەوە، هەردوولاش هاوڕا بوون کە لە بواری دیموکراسیدا وڵاتانی دۆست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە نزیکەوە چاودێریی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن و چاوەڕوانییان هەیە بەربەست و کێشەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردن چارەسەر بکرێن.

پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەریتانیا و دەرفەتی فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی نێوانیان بەتایبەتی لە بواری کار و وەبەرهێناندا، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی شانشینی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان، ئامادەی بوو.

## ٣- سەردێری جێگیر:

هەر لەناوەکەی دیارە، ئەمجۆرە بە تایبەتمەندێتی جێگیریی لە ناوەڕۆك و پێگەو چارەسەری تایپۆگرافیادا ناسراوە، ئاماژەیە بۆ سەردێری دەروازە جێگیرەکان، یان گۆشە نووسراوە جێگیرەکان و ئەو ستونانەی کە گەورە نووسەر و ئەدیبانی رۆژنامە، دەینووسن.


هەولێر

بەتیراژترین ڕۆژنامەی کوردستان

بە کورتی بە کوردی

هۆشیار سیوەیلی

حکوومەتێکی نوێ و دەرفەتێکی نوێ

بە هەڵبژاردنی بەڕێز دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید وەک سەرکۆمارو ڕاسپاردنی بەڕێز محەمەد شیاع سودانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ، دەرفەتێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان ڕەخساوە تا پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە شێوەیەک دابڕێژرێتەوە کە خزمەتی خواست و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بکات. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و بەبێ یەکریزی و یەکگوتاریی کورد لە بەغدا ئەستەمە ئەم ئامانجە بهێنێتە دی. هەرێم ئەزموونی خراپی

**٤- سەردێڕی لقی:**

ئەو جۆرە سەردێڕانە لەنێوان پەرەگرافەکانی بابەتێك دادەنرێت، وەك پێویستیەك پەنای بۆ دەبەین ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بابەتەکە دورودرێژ بێت، بۆ شکاندنی ئەو توندیەی خۆڵەمێشیی پیتی بابەتەکە دروستیدەکات بەکاردەهێنرێت، جگەلەوەی کە ئارامیەك دەداتە چاو لەکاتی خوێندنەوەدا. بۆیە دەبێت لە دیاریکردنی قەبارەی سەردێڕی لقیدا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

یەکسان نابێت لە قەبارەی لەگەڵ سەردێڕە ستوونیەکانی هەواڵە بڵاوکراوەکانی لەهەمان لاپەڕەدا، بۆئەوەی وا دەرنەکەوێت کە ئەو پەرەگرافە بەشێکی سەربەخۆیە .

قەبارەی سەردێڕی لقی گەورەتر نابێت لەقەبارەی بەکارهێنانی لەهەموو پێشەکی هەمان بابەت، بۆ بەدەستهێنانی گونجاندنێکی تەواو لەنێوان دێرەکانی یەك بابەت.

*دیاریکردنی پانییەکانی بەپێی پانی ناوەڕۆك.

لەلایەکی دیکەوە سەردێڕ چەندین جۆری هەیە، لە رووی: پانی و شێوەو قەبارەو سپیایەتی لە دەوروبەری ناونیشان و هەروەها ئاراستەکانی ناونیشانەکان.

عەدنان عوسمان:

# باشترە دەستووری عێراق بە ئاراستەی قوڵکردنەوەی لامەرکەزیەت و فیدراڵی هەموار بکرێتەوە

## هەڵبژاردنی سەرکۆمار و ڕاسپاردنی سەرۆکوەزیران جووڵەیەک دەخاتە نێو فەزای سیاسییەوە



[illegible]

> لە ئێستادا وەک سیاسیەکی سەربەخۆ چاودێری دۆخەکە دەکەم و لە گفتوگۆی چڕدا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ لەسەر پلانی داهاتوو

[illegible]

> پۆستی سەرکۆمار، کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر لایەنی تەنفیزی و تەشریعی عێراق نابێت

[illegible]

مەزهەر کەریم - سلێمانی

لەلایەکی دیکەوە سەردێڕ چەندین جۆری هەیە، لە رووی:

**یەکەم شێوەی سەردێڕ**

**١- پانتایی سەردێڕ:** ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ ئەو بوارە ئاسۆییەی، کە بۆ ناونیشان لەسەروی لاپەڕەکەوە تەرخانکراوە، جا چ ئەو ناونیشانە هەموو بوارەکەی، یان بەشێکی گرتبێتەوە.

**لە رووی پانتاییەوە سێ جۆر سەردێڕ هەیە**

**سەردێڕی پان (مانشیت):**

سەردێڕی پان لە زۆرێك لە رۆژنامە جیهانییەکاندا، بە یەکێك لە خەسڵەتە کەم وێنەیەکانی لاپەڕەی یەکەم دادەنرێت، هەروەها دەتوانرێت لەهەندێ رۆژنامە ناوەخۆییەکاندا بەکاربهێنرێت، سەردێڕی پان هەڵگری هێزێکی راکێشانی گەورەیە بۆ خوێنەر، وروژاندنی بایەخی بینین بۆ پانیەیەکی گەورەو هەروەها قەبارەی پیتی گەورەش.

- رۆژنامەکان بە بەردەوامی لەسەر لاپەڕەکانی یەکەم سەردێڕی پان بەکاردەهێنن، کە بە جەماوەری وروژاندن ناسراوە.

ڕۆژنامەی هەولێر - facebook: hewler news www.hawlerweb.net

# مەسرور بارزانی: پشتیوانی لە حکوومەتێک دەکەین کێشەکانی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات

3



**سەردێڕی درێژکراو:**

پانی سەردێڕی درێژکراوە لەگەڵ پانی سەردێڕی پان بە سروشتی حاڵ کەمدەبێتەوە، پانیەکەی گەورەترە لە پانی یەك ستوون و کەمترە لەپانی کۆی ستوونەکانی لاپەڕەیەك. زیاتر هەندێ ڕۆژنامەی حزبی پەنا دەبنەبەر دانانی زیاتر لە سەردێڕێکی درێژکراو لەسەر یەك بابەت، ئەمەش بۆ ئەوەیە، کە بابەتەکە زەقبکەنەوەو سەرنجڕاکێش بێت، ئەم کارابیەش وەکو قەرەبوویەك بۆ بەکارنەهێنانی سەردێڕی پان دەکرێت.

زۆرجار بەخوێندنەوەی ئەو یەك دوو سەردێڕانە، خوێنەر بابەتەکە پەراوێزدەکات و لەو بڕوایەدایە کە ئەو سەردێڕە درێژکروانە بەسن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەواو لەسەر بابەتەکە.

**ج- سەردێڕی ستوونی:**

ئاماژەیە درێرەكانی سەردێڕ كە پانیەكەی لەپانی ستوونێك تێناپەڕێت، ئەوەش بەوە بەدیاردەكەوێت كە شێوازی دەرهێنانی ستوونیە و پشت بەبوونی لاپەڕەیەك دەبەستێت كە لە یەكەی درێژی (ستوونی) پێكهاتبێت، نەك پانی (ئاسۆیی).

بێگومان لەگەڵ بچووكی پانی ئەو سەردێڕە ستوونیە، هەروەها قەبارەی پیتە بەكارهاتووەكانیش لەو جۆرە ناونیشانە بچووكترە بە بەراورد بە سەردێڕی پان و درێژكراوە.

ئەم جۆرە سەردێڕانە بەرەچاوكردنی كورتی بابەتەكان یان هەواڵەكان، لەلاپەڕە یەك و لاپەڕە هەواڵیەكان و لاپەڕەی مردووواندا بەربڵاون.

## المشهد

# «اللايك» ببلاش

• تكتب نقداً لفيلم على «فيسبوك» فتطالعك التعليقات المختلفة. هذا طبيعي. هناك قسم من القراء يعجبه ما تكتبه فيعطيك «لايك». لا يعجبه يكتب سطرين أو أكثر عن عدم إعجابه.

• في الحالتين، وفي معظم الأوقات، لم يرَ القارئ بعد الفيلم الذي تتحدث فيه. بعض الأفلام لن تُعرض في الدول العربية لعدم وجود موزّع لها. بعضها لن يعرض حتى على الإنترنت لأن المنصات تدفع لكي تقبض وليس لكي تدفع فقط. بعضها الآخر سيعرض لاحقاً.

• حين لا يرى القارئ الفيلم الذي تكتب عنه فإنه، على الغالب، يُعجب أو لا يُعجب بصيغة أو بموقف تبديه الكتابة. مثلاً، إذا كان الفيلم أوكرانياً فإن ذلك يكفي العديد من القراء للوقوف مع أو ضد ما تكتبه. كذلك لو كان الفيلم يطرح أي قضية أخرى.

• المسألة هي أن «اللايكات» ببلاش. يمنحك القارئ «لايكاً» مجانياً لقاء كلمتك أو يكتب لك رسالة عتاب

**دووەم: قەبارەی سەردێڕ**

قەبارەی سەردێڕ بەیەکێك لە ئامرازە جیاکارەکانی تایپۆگرافیای گرنگی سەردێڕ بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەکانی رۆژنامەن، وەکو لەسەر رێککەوتوون کە چەندە قەبارەی سەردێڕ زیاتر بێت ئەوەندە هێزی سەرنجڕاکێشانی بۆ خوێنەرو گرنگیدانی بەو بابەتە دەوروژێنێ.

**سێیەم: سپیایەتی لەچواردەوری سەردێڕی**

سپیایەتی بەگشتی رۆڵێکی گرنگ لە رووکردنەوەی رەگەزە تایپۆگرافیەکاندا دەبینێت، بەجێهێشتنی سپیایەتی لە چواردەوری رەگەزی تایپۆگرافیادا هەوڵدانە بۆ گەش نیشاندانی، هەروەها چاو ماندوناکات، بۆیە تایپۆگرافیاناسەکان رێنمایی ئەوە دەکەن کە بە برێکی گونجاو بەکاربهێنرێت، بەبێ زیادەڕۆیی لەسەر رەگەزەکانی تایپۆگرافیای قورس.

**چوارەم: چەشنی سەردێڕی**

ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بەو شێوانە دەدات، کە لە سەردێڕەکان لە رووی تەنهایی دێڕەکانی یان فرەیی دەردەکەون، ئەو رێگەیەی کە دێرەکان لە کاتی زۆریدا رێکدەخات، لە رووی پەیوەندییان بەیەکەوە لەلایەك و پەیوەندی پانی بەکردەیی لەگەڵ ئەو جێگەیەی بۆ تەرخانکراوە لەسەر لاپەڕەکە لە لایەکی دیکەوە، لەگەڵ ئەو چەشنەی کە سەردێڕ لەسەرەوەی لاپەڕەکە وەریدەگرێت، ئەوەی کە دیاریدەکات بڕی سپیایەتی بەجێماوە لەملاولایەوە. دەکرێت جیاوازی لەنێوان چەشنەکانی سەردێڕ لە دوو گۆشەوە بکرێت کە بریتین لە:

**یەکەم**: درێژی دێرەکان و یەکساننەبوونی.

**دووەم**: درێژی دێرەکان یەکسانن لەگەڵ شوێنەکە (پانی) دیاریکراو بۆ سەردێڕ لەسەر لاپەڕەکە.

**پێنجەم: ئاراستەی سەردێڕ**

ئاماژە بە ئاراستەی ئەو سەردێڕانەی کە ڕێڕەوی ئاسانە بۆ چاوی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی سەردێڕەکە لەسەر لاپەڕەکە.

سەردێڕی (ئاسۆیی و راست) و بەیەك دێر بە روونترین ناونیشانی سەر لاپەڕە دادەنرێت و چاو بەئاسانی پیتەکانی سەردێڕەکە و لەکورترین کات و بەبێ ماندووبوون وەردەگرێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنی ئاراستەی سەردێڕی ئاسۆیی کە لەگەڵ رێڕەوی سروشتی جوڵەی چاو بەئاسۆیی و راست لەکاتی خوێندنەوەدا دێتەوە.

بەڵام ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ سەردێڕێك دەكەن لە رووی ئاراستەو شێوەوە جیاوازن. كە لێرەدا دەیناخەینەڕوو:

**سەردێڕی لار:** تیایدا سەردێڕەكە لەسەر لاپەڕەكە لار دادەنرێت كە هەندێ جار بەئاراستەی لەسەرەوەی لای چەپەوە بەرەو خوارەوەی لای چەپە. هەرچەندە ئەم جۆرە سەرنجڕاكێشی بەدەستدەهێنێت، بەڵام بە كەمترین روونی لە سەردێڕی ئاسۆیی دادەنرێت.

**سەردێڕی ستوونی:** تیایدا سەردێڕەكە بەشێوەیەكی ستوونی لەسەر لاپەڕەكە دادەنرێت، بەوپێیەی چاوی خوێنەر لەخوێندنەوەیدا رێڕەوی لەسەرەوە بۆ خوارەوە پیادەدەكات، بەڵام ئەم جۆرە ناپەسەندە، هۆكاری ئەمەش پێشتر لە ناونیشانی لاردا ئاماژەی بۆ كراوە..

**سەردێڕی خوێندنەوەی ستوونیە:** تیایدا ناونیشانەکە بە قەبارەیەکی گەورە دەنوسرێت، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لە رووبەرێکی تەسکدا، بەوپێیە سەردێڕەکە لەبری ئەوەی لەیەك درێردا بڵاوبکرێتەوە، لە ژمارەی چەند درێرێك پێکدێت، هەروەها هەر دێرێك لەیەك وشە یان دوو وشە پێکدێت، ئەمەش چاوی خوێنەر بێزار و ماندودەکات.

**سەردێڕی شەپۆلاوی:** تیایدا سەردێڕەکە بەشێوەی شەپۆل دادەنرێت، واتە نە لارەو نە ستوونیە، وشەکانی بەڕێڕەوی هێڵێکی شەپۆلاوی بە بەرزو نزمیدا دەڕوات. دەکرێت ئەم جۆرە بەپێی پێویستی لەشێوەی (درامی)دا بەکاربهێنرێت.

**سەردێڕی چەند ئاراستەیەك:** تیایدا کۆکراوەی وشەکانی یەکەم لە سەردێڕەکە لەحاڵەتی ستوونی راست لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە، لەکاتێکدا ئەو وشانەی ماوەتەوە بەشێوەی ئاسۆیی دادەنرێت.

تمنياتنا لكم بالتوفيق